# لەشاری ئاکرێ خۆپیشاندان و ڕاپەڕین لەدژی" گەندەڵی ئیداری" ونەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بەڕێکەوت



ئەمڕۆ 2005/10/18 کاتژمێر 8ی سەرلەبەیانی لە شاری ئاکرێ خۆپیشاندان و ڕاپەڕین لەدژی نەبوونی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بەڕێکەوت ، سەرەتا لەبەردەم بەنزینخانەی (ئازادی) نزیك بە 1400 کەس خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بەڕێخست بەلآم هێندەی نەبرد توندو تیژی لە نێوان خۆپیشاندەران و بەڕێوەبەرانی بەنزینخانەکەدا ڕووی دا و لەئاکامدا بەنزینخانەی ئازادی سوتێنرا و ئاگریان تێبەردا و دواتر لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بەنزینخانەی (سیپە) ش سوتێنرا . بەپێ ئەو هەواڵانی بلآو بووەتەوە نەبوونی بەنزین و ناعەدالەتی لە دابەشکردنیدا هۆی هەڵگیرسانی ئەم خۆپێشاندانە بووە ، خەڵکی بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەبەردەم بەنزینخانەی ئازادی کۆبوونەتەوە ، دواتر ئەم کۆبونەوەیە گۆڕاوە بە پێکدادان و توند وتیژی .

بەپێ هەندێك سەرچاوە ماڵی خاوەن بەنزیخانەی ئازادی ( ئیسماعیل ئیسماعیل) کەوتووەتە بەر تورەی خەڵك و تاڵان کراوە .
بەلآم هێزەکانی ئاسایشی پارتی هەروەك و کاری هەمیشەیان لەجیاتی چارەسەر کردنی داخوازییەکانی خەڵکی ، ڕێگای بەکارهێنانی چەکیان بەکار هێناوە و کەوتنە تەقەکردن لە خۆپیشاندانەکە .
وەك ئاگاردارین خۆپێشاندان و نارەزایەتی جەماوەری لە چەند مانگی ڕابردوودا لە دژی دەسەلآتی حزبە ناسیونالستیەکانی کوردستان بووە بە سیمای ئەم سەردەمەی کوردستان و سیمای بزووتنەوەیەکی سەراسەری بۆ داواکاریە دەسبەجێکانی خەڵکی لە خۆ گرتووە .
لە بەرامبەریشدا دەسەلآتی گەندەڵ و کۆنەپەرستی پارتی و یەکێتی دەست لە هیچ ناپارێزن لە سەرکوت و تۆقاندنی خەڵك و بێدەنگ کردنیان بە زەبری چەك و هێزە سەرکوتگەرەکانیان .
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق پشتیوانی خۆی لە داواکاریە بەرحەقی خۆپێشاندانی ئاکرێ و شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕادەگەیەینی و هەر شێوەیەك کە ئەم بزووتنەوەیە بەهێز بکات دەیگرێتە بەر و پارتی و یەکێتی و دەسەلآتە گەندەڵ و دژی خەڵکیەکەیان رسوا و مەحکوم دەکات .

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق
2005\10\18